Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

# هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی خوولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی داهاتوو




**ئامادەکردنی : ئەلەند کریم صالح**


٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤

# هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی خوولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی داهاتوو

دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی ئەم پەڕەیە دەخاتە بەردەستی بڕیار بەدەستانی حکومی، سیاسی، ئەندامانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕای گشتی بە ئامانجی چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگ، هەڵە و کەموکورتییانەی لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٠/١٠/٢٠ )دا ڕوویان داوە، بە ئامانجی چارەسەرکردنیان و دووبارە نەبوونەوەیان.

ئەم پەیپەرە بەرئەنجامی گفتوگۆیەکی کراوەی نوێنەری لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پسپۆڕانی ئەکادیمی و میدیاکاران ئامادەکراوە، کە ڕۆژی ( ٢٠٢٤/١١/٥ ) دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی ئەنجام درا.

**گفتوگۆکان بەسەر چوار تەوەردا دابەشبوون :**

- دواکەوتنی بەردەوامی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و جێگیر نەبوونی لە ڕۆژمێری ساڵدا.
- هەڵسەنگاندنی کەمپینی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.
- ئاستی سەرکەوتنی ڕێکارەکانی ڕێگری کردن لە ساختەکاری.
- ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی لەلایەن چەند لیستێکەوە .



بەشداربووانی ئەم گفتوگۆ کراوەیە پێک هاتبوون لەئەندامانی پەرلەمانی عێراق، ئەندامی نوێی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری دەزگاکانی هەڵبژاردنی حیزبەکان نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو، کە لە (٢٠/١٠/٢٠٢٤) ئەنجام درا، لەگەڵ پسپۆڕانی ئەکادیمی لەزانکۆکاندا. گفتوگۆ کراوەکە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و دوور لەتای هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، زۆر بەڕوونی تیشک خرایە سەر کەموکوڕیەکانی سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەکە. بەپێی گفتوگۆکان هەڵە و کەموکورتی زۆر دەستنیشان کراون، هاوکات پرۆسەکە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، مەترسی و گرفتی بەرچاوی لەخۆی گرتووە، ئاماژە بەوەشدرا هێشتا لایەنە سیاسییەکان لەئەنجامەکان بەگومانن و بەپێویستی دەزانن لە داهاتوویەکی نزیکدا یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە، نارِوونییە تەکنیکییەکانیش چارەسەر بکرێن، بەر لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو.

## تەوەری یەکەم: دواکەوتنی بەردەوامی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

لەمیانەی گفتوگۆ کراوەکەی ڕۆژی ( ٥/١١/٢٠٢٤ )، زۆرینەی بەشدار بووەکان (بە نوێنەری لایەنە سیاسییەکانیشەوە)، بەڕوونی ئەو نیگەرانییەیان نیشان دا کە لەوەتەی پەرلەمانی کوردستان هەیە، تەنها خولی یەکەم لەکاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دراوە، پێنج خولەکەی دیکە سەرجەمیان لەوادەی خۆیان دواخراون ، لەکاتێکدا پێویست بوو هەشت خولی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرایە، تەنها شەش خول هەڵبژاردنی بۆ کراوە.

شارەزایانی یاسایی و بواری هەڵبژاردن لەگفتوگۆکەدا ئاماژەیان بەوەکرد یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢، کە تائێستا حەوت جار هەمووارکراوەتەوە، بەبڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراقیشەوە دەربارەی یاساکە، هیچ وادە و ڕۆژێکیان بەجێگیری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری نەکردووە، ئەمەش پەرلەمانتارانی نوێ دەخاتە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییەی کەبەزووترین کات هەمواری نۆیەمی یاساکە بکەن لەبەرانبەردا، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی بەشداربووی گفتوگۆکە بۆچوونیان وابوو " هۆکاری دواکەوتنی بەردەوامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ بوونی ناکۆکی و ترسی هەردوو هێزی دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە، لەپرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا بەهۆی لاوازیی دیموکراسییەوە".






بەشێک لە بەشداربووانی دیکەی گفتوگۆ کراوەکە بۆچوونیان وابوو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە مەبەست هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوادەخەن، هەندێک جار بەهۆی شەڕی ناوخۆ و هەندێک جار بەهۆی ڕێککەوتنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی چاودێری کردنی هەڵبژاردن بەشێکی گرنگ بوون لە گفتوگۆ کراوەکەی ڤیژن فاوندەیشن، ئەوان بۆچوونی وردتریان لەسەر هۆکاری دواخستنی بەردەوامی هەڵبژاردن هەبوو. نوێنەری بەشێک لە ڕێکخراوەکان جەختیان لەوەکردەوە حیزبەکانی دەسەڵات بە مەبەست تۆماری دەنگدەران پاک ناکەنەوە، هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی تۆماری دەنگدەران بەو شێوەی ئێستا بەردەوام بێت کە ناوی دووبارە و مردووی تێدایە. نوێنەری بەشێک لە پارتە دەسەڵاتدارەکانیش لە گفتوگۆ کراوەکەدا بەشداربوون، بەبڕوای ئەوان نەبوونی دەستوور لەهەرێمی کوردستان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتن و جێگیرنەبوونی کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان"، هەروەها بۆچوونێکی دیکەش هەبوو کە دواین گۆڕانکاری لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ، کە سالی (٢٠١٣) لەڕێگەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراقەوە ئەنجام درا، لە کاتێکی درەنگ وەختدا کراوە، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بووە. بەبڕوای بەشێک لەئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە گفتوگۆکەدا بەشداربوون، هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستوورە کە تێیدا کاتی هەڵبژاردن لە ڕۆژمێری ساڵدا دیاری بکات و ڕێگری لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و کابینەکانی حکومەت بکات، لە یاسای نوێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات".







## تەوەرەی دووەم : هەڵسەنگاندنی کەمپینی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

بەشێکی گرنگی گفتوگۆ کراوەکەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی، تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی کەمپینی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کەتا ڕادەیەک کەمپینێکی جیاواز بوو، بە بەراورد بە خولەکانی پێشتر زۆرینەی ئامادەبووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی کەمپینی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان توند و گەرم بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توندوتیژیی کەمتر ڕووی داوە بەراورد بەهەندێک کەمپینی هەڵبژاردنی پێشوو.

بۆچوونێکی دیکەی نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوە بوو یاساکانی تایبەت بەشێوازی ئەنجامدانی کەمپینی هەڵبژاردن، بەشێوەی یەکسان بەسەر هەموو لیستەکاندا وەکو یەک جێبەجێ نەکراوە، هەندێک لیست لەسەر سەرپێچی سزا دەدران، هەندێکی دیکەیان چاوپۆشییان لێ دەکرا لەسزادان". بۆچوونێکی زاڵیش هەبوو، بەتایبەتی لەنێو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا ڕەچاوی پاراستنی ژینگە نەکراوە، کەرەستەی پلاستیکیی وەکو فلێکس زۆر بەکارهێنراوە تەنانەت بە نەمام و دارەکانیشدا هەڵواسرابوون، سەوزاییەکانی نێوان شەقامەکان بە فلێکسەکان و چوارچێوەکانیان شێوێنرابوون".

چاودێرانی کەمپینەکە جەختیان لەوە دەکردەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا پێشێلکاریی زۆر ئەنجام دراوە، لەشوێنی نەشیاو پۆستەر هەڵواسراوە، دامەزراوەی حکومی و ڕەسمی بەکار هێنراوە، پۆست و دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی حکومەت بۆ مەبەستی سیاسی بەکارهێنراوە، بەڵێنی ناڕاست و ناواقعیی زۆر بەدەنگدەران دراوە، ئەمە لە کاتێکدایە یاسای ژمارە(٣ی ساڵی (٢٠١٨)، بەکارهێنانی مۆڵکی گشتی بە نایاسایی و سەرپێچی دەناسێنێت. زۆربەی بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، هاووڵاتیان بەگشتی لەڕووی دەروونییەوە زۆر ماندوو کراون، بەجۆرێک کاریگەریی لەسەر بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەبێت. هەندێک لەبەشداربووان بۆچوونیان وابوو گوتاری خێڵگەرایی و پۆپۆلیستی و سەربازی باڵی بەسەر کەمپینی هەڵبژاردندا کێشابوو، هەردوو حیزبی دەسەڵات فەرماندە سەربازییەکان ، ئاسایش، پیشمەرگە، پۆلیس و سەرۆک خێڵەکانیان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەنگدەران بەکارهێناوە، بە بڕوای بەشێک لە بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە بەشێک لە هاووڵاتیان هۆشیار نین و حیزب بە بەڵێنی درۆ هەڵیاندەخلەتێنێت بە قازانجی خۆی. لە لایەکی دیکەوە، لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ بەدی دەکرا، ئەویش بوونی شێوازی کەمپینی مۆدێرن و سپۆنسەرکراو بەرانبەر بە کەمپینی سادە و بێ پاڵپشتیی دارایی بوو.



هەندێک لە بەشداربووان بە پێویستی دەزانن خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕووی یاساییەوە لیستەکانی هەڵبژاردن ناچاربکات سەرچاوە داراییەکانیان دیاری بکەن، بە شەفافی دیاربێت لە کوێ پارەی کەمپینی هەڵبژاردن بەدەست دەهێنن، یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی لە گفتوگۆ کراوەکەدا تیشکی خرایەسەر، جیاوازیکردنی حیزبەکان بوو بۆ کاندیدەکانی خۆیان، واتە لەناو یەک لیستی دیاریکراودا، هەندێک کاندید هەموو دەرفەتێکی بۆ دەرەخسێنرا، هەندێک کاندیدیش پەراوێز دەخرا.

بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی راپرسییەکی ئەنجامدا، بەپێی ڕاپرسییەکە ٤٥.٣%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە بڕوایان وابووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەمەش بەرزترین ڕێژەبوو بەراورد بە تەلەفیزیۆن و پۆستەر و بۆردەکان. لەگفتوگۆ کراوەکەشدا بەشداربووان جەختیان لەوەکردەوە سۆشیال میدیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە لایەن لیست و کاندیدەکانەوە سوودی لێ وەرگیراوە و بەکار هێنراوە. ئەوەی جەختی لەسەرکرایەوە، بوونی خروقاتی زۆری لایەنەکانی دەسەڵات بوو لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کە بەرچاوترینیان ئەنجامدانی تێستی دەنگدان بوو لەناو هێزە سەربازی و ئەمنییەکاندا بەجۆرێک کە هاوشێوەی ڕۆژی دەنگدان سندوقیان بۆ دانرابوو.




## تەوەری سێیەم : ئاستی سەرکەوتنی ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لە ساختەکاری

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕۆژی ( ٢٠٢٤/١٠/٣٠ ) ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند ،بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیش بەشێک لە لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکە، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ساختەکاری بەرچاو لە پرۆسەکەدا ئەنجام دراوە.

لە گفتوگۆ کراوەکەی دامەزراوەی ڤیژندا بۆ توێژینەوەی ستراتیجی، زۆر بە ڕاشکاوی شرۆڤەی ئەگەری ئەنجامدانی ساختەکاری و ڕێکارەکانی کۆمسیۆن کرا. نوێنەرێکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کە حیزبەکەیان بڕیاری داوە بایکۆتی پەرلەمانی کوردستان بکات، لە گفتوگۆکەدا هەڵبژاردنەکەی بە نادروست و گوماناوی ناوزەد کرد و جەختی لەوەکردەوە کە پارتەکەیان تانەی لە ئەنجامەکان داوە، بەو پێیەی بەڵگەیان لە بەردەستە بەشێک لە دەنگەکانیان بۆ هەژمار نەکراوە.
بە بڕوای زۆرینەی بەشداربووان ساختەکاری لە ڕێگەی سۆفتوێری هەژمارکردنی دەنگەکان ئەنجام دراوە، کە کۆمیسیۆن بەکاری دەهێنا. نوێنەری ڕێکخراوێکی کومەڵگەی مەدەنی کە ڕێکخراوەکەیان چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی کردبوو، بە پێویستی دەزانێت سیستمی بلۆک چەین لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی سۆفتوێرەوە ساختەکاری ئەنجام نەدرێت.



د. موسەننا ئەمین، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یەکیک بوو لەو تیمەی دوای پرۆسەی دەنگدان سەردانی کۆگای تایبەت بە هەڵگرتنی فۆڕمەکانی دەنگدانی کردبوو، ناوبراو لە گفتوگۆ کراوەکەدا ئاماژەی بەوەکرد لەسەردانەکە پێداچوونەوەمان بە هەموو ئەو بابەتانەدا کردووەکە کە جێگەی گومان بوون بەڵام ڕێگەمان پێ نەدرا چێکی ئەو سۆفتوێرە بکەینەوە کە لە پرۆسەی دەنگداندا بەکارهاتووە. لە گفتوگۆکاندا ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "پێویستمان بە بەرەیەکی دژی سەرپێچییەکان بەر لە (ڕۆژی دەنگدان) هەیە چونکە هەندێک سەرپێچی پێشتر ئەنجام دراوە و کاریگەریی نەرێنییان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان دروست کردووە بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە ١٠%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، نەیانتوانیوە دەنگ بدەن، لەکاتێکدا هیچ هەڵەیەکیشیان نەبووە و هۆکار نەبوون، بەڵکو سیستمەکە ڕێگەی پێ نەداون.

یەکێکی تر لە تێبینییەکان تۆماری دەنگدەران بوو کە هێشتا بۆ لایەنە ئوپۆزسیۆنەکان جێگەی ڕەزامەندی نییە، پێیان وایە "تۆماری دەنگدەران مردووی تێدایە و خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی تێدایە و مافی دەنگدانیان هەیە". بەپێی ڕێنمایی و بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو هاوڵاتییانەی ناویان لە تۆماری دەنگدان هەیە و کارتی دەنگدانیان هەیە دەیانتوانی دەنگ بدەن بەڵام ئەگەر پەنجە مۆرەکانیان لە سیستمەکەدا نەخوێندایەتەوە، دەبوو بە دەنگدانی مەرجدار ئەمەش بەجۆرێک ڕێک خرابوو کەتەنها ٥%ی دەنگدەرانی هەر بنکەیەک بۆیان هەبێت بەدەنگدانی مەرجدار دەنگ بدەن.

بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە بڕوایان وا بوو نەخوێندنەوەی پەنجەمۆر ڕێگر بووە لە دەنگدانی بەشێک لەو کەسانەی ناویان لە تۆماری دەنگداندا هەبووە و مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام سیستمەکە ڕێگری لێ کردوون دەنگ بدەن. سەبارەت بەتانەدان لەئەنجامی هەڵبژاردنەکەش نوێنەرەکەی ڕەوتی هەڵوێست دەڵێت "بێهیواین لەتانەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، چونکە دیزاینی هەڵبژاردنەکە بەجۆرێک کراوە، جێگەی دەست لە ساختەکارییەکاندا دیار نەبێت".

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەری لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن جێگەی نیگەرانین، دەنگدەرەکانیان بێئومێد دەکات و بەم جۆرە بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو ناکەن". هەر سەبارەت بە ڕێکارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، بەشێک لە بەشداربووان بڕوایان وابوو پێویست بوو کۆمیسیۆن ڕێکاری زۆر توند بگرێتەبەر بەرانبەر ئەو لیستانەی کارتی نیشتمانی و کارتی دەنگدانیان لە دەنگدەران وەردەگرت، یاخود لەکاتی دەنگداندا هێزی ئەمنیی خۆیان دەنارده ناو بنکەکانی دەنگدانەوە بۆ ترساندنی دەنگدەران.

د. سەروەر عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری ڕێکخراوی پەی، کە یەکێکی دیکەبوون لە ڕێکخراوە چاودێرەکانی هەڵبژاردن ئاماژەی بەوە کرد "کۆمیسیۆن لە دەنگدانی تایبەتدا لەهەندێک بنکەی دەنگداندا بێدەسەڵات بوو، بنکەکە لەژێر کۆنترۆڵی دەزگای ئەمنیی سەر بەحیزبدا بوو". ناوبراو ئەوەش ناشارێتەوە کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە پرۆسەی دەنگداندا یان لە بنکەکانی دەنگداندا نوێنەریان نەبووە، یان نوێنەرەکانیان لاواز بوون".

## تەوەری چوارەم ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوەی لە لایەن چەند لیستێکەوە

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ئەوەی ڕوونە کۆمەڵی دادگەریی کوردستان کە توانیاویانە ٣ کورسیی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنن، بەڵام ئەنجامەکان بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە و کاندیدە دەرچووەکانیان ناچنە پەرلەمان. هاوکات چەند لایەنێکی دیکەی وەکو ڕەوتی هەڵوێست و بەرەی گەل بەهەمان شێوە ئەنجامەکان ڕەت دەکەنەوە و بایکۆتکردنی پەرلەمان یەکێکە لە ئەگەرەکانی بەردەستیان، بەشێک لە بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە، سەرنجیان لەسەر ئەوە هەبوو لیستەکانی هەڵبژاردن بەر لە هەڵبژاردن داکۆکی لە خاوێنێتی پرۆسەکە دەکەن ، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکان قبووڵ ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە، ئەمەش بە هۆکارێک دەزانرێت بۆ بێمتمانەیی دەنگدەران، ڕەخنەی ئەوەش لە پارتە سیاسییەکان گیرا دوای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئەنجامەکان پێداچوونەوە بەخۆیاندا ناکەن، کەموکورتییەکانی خۆیان دەستنیشان ناکەن بۆ چارەسەرکردنی، تەنها بوونی ساختەکاری لە پرۆسەکەدا دەکەن بە پاساو. نوێنەری ڕەوتی هەڵوێست لە گفتوگۆکاندا هۆکاری رازینەبوونی حیزبەکەیانی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوە گەڕاندەوە بەر لە هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکان لە لایەن نوێنەری وڵاتانی دراوسێ بە حیزبەکان گوتراوە و پیشنیازیان هەبووە بۆ لیستەکان".

لە لایەکی دیکەوە نوێنەری کۆمەڵی دادگەری لە گفتوگۆ کراوەکەدا بە پێویستی زانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە ساختەکارییان بەرانبەر کراوە، یەک هەڵوێست بن و ئەنجامەکان قبوول نەکەن. سەبارەت بە بایکۆتکردنی پەرلەمانیش د.موسەنا ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕای وا بوو هەڵبژاردن تەنها ڕێگەی چاکسازییە، ناکرێت بە ئەنجامەکان خولێک بێ ئومێد بکرێت بە جۆرێک بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو نەکەن". بۆچوونێکی دیکەش لە گفتوگۆکاندا هەبوو کە لە جێگەی بایکۆتکردنی پەرلەمان، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانن ببن بەیەک هاوپەیمانێتی لەناو پەرلەماندا، بەڵام ئەوەی جێگەی گومان و دڵەڕاوکێی لیستەکانە بە تایبەتی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەگەری مامەڵەکردنی هەندێک لە لیستەکانە بە مەبەستی کڕین و فرۆشتنی کاندیدە دەرچووەکانیان لە لایەن لیستەکانی دەسەڵاتەوە.

## دەرئەنجام

سەرەڕای بوونی تێبینی و سەرەنجی زۆر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەر لە دواکەوتنی ساڵ لەدوای ساڵیەوە تا کەمپینی هەڵبژاردن پرۆسەی دەنگدان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەڵام هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکی زۆر گرنگدا ئەنجام درا.

ئەم هەڵبژاردنە شەرعیەتی یاسایی و دەستووری دەگەڕێنێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەڕووی دیموکراسیشەوە جەخت دەکاتەوە لە پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پرۆسەی هەڵبژاردن.

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (٢٠٢٤) هەندێک کەموکورتی نوێی دەرخست کە پێویستە بەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو چارەسەربکرێن کە هەندێکیان پێویستیان بە هەموارکردنەوەی یاسای هەلبژاردن و دەرکردنی یاسای نوێ و پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان هەیە هەندێک لە گرفتەکانی دیکە تەکنیکین و پەیوەندیان بەو سۆفتوێر و سیستمەوە هەیە کە پرۆسەی دەنگدانی پێ ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ نوێکردنەوە لە تۆماری دەنگدەران.

